# کارل مارکس

ن: رامین جەهانبەگلوو
و:عەتا جەماڵی



مارکس بیرمەندێکی مێژوویيە، بە واتايەکی تر ژيان و بەرهەمەکانی مارکس پەيوەنديی هەيە بە مێژووی جيهانەوە. بۆ تێگەيشتن لە مارکس پێويستە تێگەيشتنێکی دروستمان لە بارودۆخی سەدەی نۆزدەهەم، بارودۆخی سەرمايەداری و ئيستعمار و گۆڕانکارييە ئايديۆلۆژيکەکانی ئەو قۆناغە هەبێت. هەروەها مارکس ڕۆڵێکی دياری لە سەدەی بيستەمدا هەيە. ئەو لانيکەم لەو قۆناغەدا ڕۆحی هەندێ ڕەوتی مەزنی وک ترۆپک و دارمانی سۆسياليزم و جەنگی سارد و بزاڤە دژە ئيستعمارييەکانە لە جيهانی سێيەمدا. کەڵەپياوە مێژووييەکانی وەک "لينين"، ستالين"، ترۆتێسکی"، گرامشی"، "مائۆ"، "کاسترۆ" و زۆرکەسی تر پشتيان بەو بەستووە. بەشی هەرە گەورەی ڕۆشنگەريی سەدەی بيستەم لەسەر دەستی مارکس بيجمی گرتووە. بيرمەندانێک وەک "ژان پۆل سارتر"، "لۆکاچ" و ئەندامانی قوتابخانەی فڕانکفۆڕت کاريگەرييان لە کارکس وەرگرتووە. هونەرمەندانێکی مەزنی وەک "پيکاسۆ" و نووسەرانی ناوداری وەک "گۆرکی" و شانۆنامەنووسانی وەک " بێرتۆڵت برێشت" وشاعيرانی وەک "لوويی ئاراگۆن"، "پۆل ئێلوار"، "پابلۆ نێرۆدا" لە داوێنی ئەندێشەکانی ئەودا پەروەردە بوون. مارکس بيرمەندێکی فرەزانست بوو، بەڵام سەرەکيترين لقەکانی ئەندێشەی ئەو تيۆرييە کۆمەڵناسانەکان و تيۆرييە ئابوورينا سانە و فەلسەفی و مێژووييەکانن.

مارکس نووسرێکی پڕکار بوو و گەلێ بەرهەمی لەپاش خۆی بەجێهێشتووە و گەلێ وتاری لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا چاپکراوە. ئەو سەرەڕای فرەچەشنی تەوەرەکان لە بەرهەمەکانيدا، سەردەمە جياوازە مێژووييەکانيشی خستبووە بەر توێژينەوە.

لە دابەشکردنی ژيان و بەرهەمەکانی مارکسدا ڕێککەوتنێکی گشتی هەيە لەسەر ئەوەی دابەشی بکەنە سەر دوو قۆناغ: قۆناغی يەکەم بە سەردەمی گەنجێتيی مارکس بەناوبانگە بريتييە لە بەرهەمەکانی ئەو لەنێوان ساڵانی ١٨٤١ و ١٨٤٨. لەو قۆناغەدا وتارە کورتەکان و هەندێ توێژينەوەی وەک "دەروازەيەک بۆ ڕەخنە لە فەلسەفەی مافی هيگڵ" و هەروەها "پرسی يەهوود"، بەرچاو دەکەوێت. بەرهەمە گرينگەکانی ئەم قۆناغە بريتين لە "خێزانی پيرۆز" و "هەژاريی فەلسەفە" و "دەستنووسە ئابووری و فەلسەفييەکان" و هەروەها برهەمێکی زۆر گرينگی وەک "ئايديۆلۆيی ئاڵمانی" و گرينگترين بەرهەمی کورتی مارکس واتە "مانيفێستی حزبی کۆمۆنيست".

مارکس لە قۆناغی دووهەمی ژيانی خۆيدا دوو بەرهەمی زۆر گرينگ واتە "چاوخشاندنێک بەسەر ڕەخنە لە ئابووريی سياسی" و شاکارێکی وەک "سەرمايە"ی ئافراندووە. مارکس بەر لە هەرشتێک کۆمەڵناس و ئابووريزانی سيستەمی سەرمايەدارييە. ئەو هيچ گەڵاڵەيەکی ڕوونی سەبارەت بە چۆنيەتيی سيستەمی سۆسياليستی نادات بەدەستەوە و بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە کە مرۆڤ ناتوانێ لە داهاتوو ئاگادار بێت، بەڵام بە ڕاست يان بەهەڵە ئەندێشەکانی مارکس ژێدەر و بەڵگەيەکی گرينگن لە بواری فەلسەفە و ئابووری و کۆمەڵناسی و مێژوودا.

ڕاستييەکی سەرسووڕهێنەری تر ئەوەيە کە لە سەدەی بيستەمدا پتر لە يەک مليار کەس لە خەڵکی جيهان ڕوويان هێنايە ئايينێکی ئەندێشەيی کە پێی دەوترا مارکسيزم. لەپاش شۆڕشی ڕووسيا لە ١٩١٧ جەمسەربەنديی باوەڕەکان بەجۆرێکی لێهات کە هەرکەسێک مارکسييانە بيری نەدەکردەوە بە دژی مارکس دادانرا. لەکۆتايی جەنگی سارددا هەندێ ڕاڤەی نوێ لە مارکسيزم هاتە ئاراوە کە هەوڵيان دەدا هەم هەڵەکان و دەسکەوتەکانی ڕوون بکەنەوە بەبێ ئەوەی بتێکيان لە مارکس داتاشيبێت. مارکس لە ١٩ ساڵيدا لە نامەيەکدا کە لە ڕێکەوتی ١٠ی نۆڤەمبەری ١٨٣٧ بۆ باوکی نووسی، ئەوی خستە ناو ڕەوتی يەکەم کۆنتاکتی خۆی لەگەڵ

فەلسەفەی هیگڵدا: لە ناوەرۆکی ئەو نامەیە وا دەردەکەوێ کە تەنانەت لەم تەمەنە کەمەدا لە فەلسەفەی هیگڵ تێگەیشتووە. مارکس لە فەلسەفەی هیگڵدا ئامرازێکی بەهێز دەبینێ بۆ گۆڕینی ئەو راستییانەی لە ئارادا هەن. بەندیواریی مارکس بۆ فوێرباخیش هەر لەم چەشنەیە:

ئەندێشەکانی فوێباخ ئامادەکاری بەستێنی دەرک و فەلسەفەن. بەگوتەی فوێرباخ لە فەلسەفەی تیۆریدا، لە ئیسپینۆزاوە هەتا هیگڵ هەوڵ دەدرێت مرۆڤ لە نامۆیی شاراوەی ناو ئایین رزگار بکەن. ئەم خاڵە لەگەڵ روانگەی گشتیی ئەو بۆ ئایین وەک گەڵاڵەیەک لە خواستە مرۆییەکان کە لە روخسارێکی وەک خوداوەنددا رەنگ دەداتەوە ووێنا دەکرێ هاو ئاراستەن. بەپێی بۆچوونی فوێرباخ مرۆڤی ئایینی مرۆڤێکی لەخۆنامۆیە. ئەو پییوایە فەلسەفەی تیۆری ناتوانێ لەخۆنامۆیی بسڕێتەوە. فوێرباخ لەم خاڵەوە دەستپێدەکات بە پەرەپێدانی فەلسەفەی ماتریالیستیی خۆی کە ئاوەژووکەرەوەی فەلسەفەی هیگڵە. ئەو شوێنی "بابەت"ی سوننەتیی لە فەلسەفەی ئایدیالیستیدا و "هەڵگر"ی سوننەتی واتە مرۆڤ، ئاڵوێر دەکات و ئەم هەڵگرەی کردە بابەت. ئەم شێوازی جێگۆڕکێیە لە میتۆدی فەلسەفەی فوێرباخدا هۆکاری گەڵاڵەبوونی حاڵی دەسپێکێکی تەواو نوێ لە فەلسەفەدا و لەسەر بنەمای ئاوەژووکردنەوەی فەلسەفەی هیگڵییە. مارکس لەژێر کاریگەریی ئەم میتۆدی ئاوەژووکردنەوەیە لەبواری فەسەفەی سیاسیدا سوودی لێوەردەگریت و لە سۆنگەیکی فوێرباخییەوە دەست دەبات بۆ کۆکردنەوەی رەخنەی فەلسەفەی مافی هیگڵ. ئەم رەخنەیە هەندێ لێکدانەوەیە سەبارەت بە بابەتەکانی هیگڵ لە لاپەڕەکانی ٢٦١ هەتا ٣١٣ی کتێبی بنەماکانی فەلسەفەی مافی هیگڵ

ماركس هەم چەمكەكان و سیستەمی گشتیی هیگڵ قەبووڵ دەكات و هەم رەخنە و میتۆدیی ج

ماركس هەم چەمكەكان و سیستەمی گشتیی هیگڵ قەبووڵ دەكات و هەم رەخنە و میتۆدیی جگۆڕکێ پێکردنەکەی فوێرباخ قەبووڵدەکات . مارکس هەندێ چەمکی وەک کۆمەڵگەی شارستانی یان هەژاری قەبووڵ دەکات و هەر بەو چەشنەی لە سیستەمی فەلسەفی هیگڵدا گەڵاڵە کراون بەکاریان دەهێنێت. بەڵام لە هەندێ پەیوەندی و بۆنەی شۆڕشگێڕانەدا لەپاڵ چەمکی دەوڵتدا دایاندەنێت. لە تیۆریی هیگڵدا دەوڵەت بەچەشنێک باسی لێوەکراوە کە دەتوانرێ بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو تاکانەی پێکیان هێناوە قسەی لەسەر بکرێت، کەواتە تاک لە فەلسەفەی هیگڵیدا تەنیا لەپاش بیچمگرتنی دەوڵەت دێتە بوون، بەشێوەیەک کە دەکری دەڵەت و تاک بەشێوەی جیاجیا بخرێنە بەرباس . مارک ئاماژە دەکات کە ناتوانرێ لە رووی واتاییەوە تاک لە بەستێنە کۆمەڵایەتییەکەی جیا بکرێتەوە. بەپێی بۆچوونی مارکس هیگڵ لە تاکدا تەنیا تایبەتمەندییە زەینییەکانی ئەو دەستکەوتووە و پەی بە واتا و رەهەندەکانی تری ئەو نەبرووە. لەم رووەوە دەوڵەتی سیاسی دروست یەکێکە لە چەشن و بیچمە وجوودییەکانی تاکی مرۆیی.

لە روانگەی مارکسەوە هیگڵ کۆمەڵگەی شارستانی بە کەشێک لە ماتریالیزی ئاووری و رۆحانییەت دیتووە. لەخۆنامۆیی مرۆڤ پاشهاتی ئەم چەشنە بەدوودەستەکردنەی ژیان لەنێوان دوو کەشی ئاماژەپێکراودایە. لەڕوانگەی مارکسەوە دامەزراوە سیاسییەکان سەرەڕای بانگەشەکانی خۆیان لەسەر جیهانی و هەمەکی بوون، تەنیا بەرژەوەندییە تایبەت و خودتەوەرانەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لخۆ دەگرێت. مارکس لەم دەلاقەیەوە دوو ئەنجام هەڵدەهێنجێت:

١. جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت لەلایەن هیگڵەوە، دیاردەیەکی مێژووییە کە لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا روویداوە.
٢. چونکە هیگڵ بێ ئاگایە لە هۆکارە مێژووییەکان ئاگای لەوە نییە کە ئێستا ناسازگاریی دژبەرەکان(اضداد)ی نێوان کەشی سیاسی و کەشی تایبەتیی کەسەکان جێگەی ئەوی گرتۆتەوە.

بڕیاردانی مارکس سەبارەت بە ئەندێشەی سیاسیی هیگڵ لەراستیدا کۆبەندی بۆچوونەکانی سەبارەت بە ئەزموونە مێژووییەکانی لەسەر دەوڵەتی مۆدێرنیشە. لەو رووەوە کە

لە روانگەی ماررکسدا چەمکی هیگڵ بۆ دەوڵەتی مۆدێرن بە شێوەی راستییەکی ئاوەژووکراو گەڵاڵـە کـراوە، جـارێکی تـر پێویستـە ئـەم چەمکـە بەشـێوازی جێگـۆڕکێی فوێربـاخی ئـاوەژوو بکرێتـەوە نـاوەرۆکی کۆمەڵایـەتیی ئـەم شۆڕشـی جێگـۆڕکێیـە لـەم گریمانیـەدا حەشـارە کـە کۆمەڵگـەی مرۆیـی گوزارەیـەکی دیاریکراو نییـە نجام و لێکەوتـەی بکـەری مرۆییـە، چونکـە کۆمەڵگـە رۆڵـی "هـەڵگر" دەگێڕێت، کەواتـە خوازیـاری هـەبوونی بابـەتێکی چـالاکی مرۆییـە. ئەوەی کە پێشتر جێگەی لـە قـەڵـەمڕەوی زەروورەتدا بـوو، ئێستا دەبێتـە ناوەندی ئـازادی. ئـەم شۆڕشە بەیانگەری ئەوەیە کە مرۆڤ و چالاکیی کۆمەڵایەتی ئەو هاوچەشنن. بـەپیی بۆچـوونی مـارکس مـرۆڤ هەمـەک و کۆبەنـدی پەیوەندییـە کۆمەلایەتییـەکانی خۆیـەتی. لـەم رووەوە کۆمەڵگەی ئازادکراو دروست هەمان خودی ئازادکراوە.

مـارکس ئـەم "خـود"ە بـە "گەوهـەری کۆمۆنیستی" نـاودێر دەکـات. لەڕوانگـەی ئـەوەوە کۆمەڵگـەی شارسـتانیی مـۆدێرن لەسـەر بنـەمای تاکگەراییـە، بـەڵام مـرۆڤ بوونـەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. کۆمەڵگەی شارستانی لەڕووی چییەتییەوە مۆدێلێکی بەکۆمەڵایەتیکراو لە مرۆڤ دەدا بەدەستەوە. بـەم پێیـە ئێمـە دەبێ بەسـەر ئـەو کۆمەڵگەیـەدا سـەرکەوین . کۆمەڵگەیـەک کـە بتوانێت بەسەر ئـەم جیاوازییانـەدا سـەرکەوێت بـەبڕوای مـارکس "دیموکراسیی راستەقینە"یـە. بەبۆچوونی مارکس، دیموکراسی راستەقینە لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵگە دەگونجێ کە لەوێدا ئیتر تاکر لە هەمبەر کۆمەڵگە ناوەستێتەوە. دیموکراسیی راستەقینە لە شوێنێک هەیە کە جودایی و نـامۆیی لـەنێوان مـرۆڤ و پێکهاتـەی سیاسـیدا نـەبێت. دیموکراسـیی راسـتەقینە بـەمانای لەناوچوونی جیاوازیی چینایەتی و هەژارییە. ئامانجی دەوڵەت دەبێ بەم شێوەیە بێط. ئامانجی کۆمەڵگـەی شارسـتانی وەک کەشـی بەرژەوەندییـە تایبەتییـەکانیش هـەر ئەمەیـە. مـارکس لـەم بارەیـەدا پێداگری لـەوە دەکاتـەوە کـە لـە کۆمەڵگـەی مۆدێرنـدا مـرۆڤ دابـەش دەبێتـە سـەر دوو کەسی لێک جیاواز. یەکیان شارۆمەند و ئەویتر بۆرژوا. لە چوارچێوەی دەوڵەتدا مرۆڤ بـەپیی رێسا گشتییەکان دەژی و لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی شارستانیدا گریمانەکە بەم جۆرەیە کـە ئـەو لەسەر بنەمای پێویستییەکان و بەرژەوەندییە خودتەوەرانەکانی خۆی رەفتار دەکات.

لـەم رووەوە مـارک دەپرسـێت: لـە چ هـەل و بارودۆخێکـدا ئـەم پاڕادۆکسـە لـەئارا هەڵدەگیرێت؟ تاکەکان دەتوانن لە کاردا بە هـەمان شێوە کـە وەک شارۆمەند رەفتـار دەکـەن، لـە ئاسـتی گشـتیی کۆمەڵگەشـدا بـەشـداری بکـەن. نـەم شـێوەیە بـۆ بەدەسـتهێنانی دیموکراسـیی راستەقینە، ئازادیی سنووردارکراو بە نەزمی سیاسی لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا دەبێ بگۆڕێت بۆ ژیانێکی ئاشکرای ئابووریی مرۆڤەکان. لەم مانایـەدا رۆڵـی کـار زۆر سـەرەکییە. مرۆڤ لـە بنەڕەتدا بوونـەوەرێکی کارەکـەرە و ئەگـەر لـە دۆخێکـی نامرۆڤانـەدا کـار بکـات لـە مرۆڤایـەتی دوور و لە خۆنامۆ دەبێت.

بـەبۆچوونی مـارکس مـرۆڤ لـە سیستـەمی سـەرمایەداریدا لەخۆنامۆیـە و رەگـی هـەموو لەخۆنامۆییەکان لەخۆنامۆیی ئابوورییە، بەڵام لەخۆنامۆیی ئابووری بە چ مانایەکە:

١. یەکەم چەشنی لەخۆنامۆیی ئابوری دەگەڕێتەوە بۆ خاوەندارێتیی تایبەتی.
٢. دووهەم چەشـنی لـەخۆنامۆیی دەگەڕێتـەوە بـۆ بـازاڕ. رەخنـەی مـارکس لـە ئـابووریی سـەرمایەداری هاوکـات رەخنەیـەکی ئاکـاری و فەلسەفیشـە لـە بـارودۆخی سـەپێنراو بەسەر مرۆڤدا لەلایەن سەرمایەدارییەوە.

بەبۆچوونی مارکس لێکدانەوەی رەوتـی کـامڵبوونی سـەرمایەداری لێکدانـەوەی پرۆسـەی کـامڵبوونی مـرۆڤ و زاتـی مرۆڤـە لـە رەوتـی مێـژوودا. دەتـوانرێ هـەموو ئەندێشـە بنەماییەکانی مارکس لە بواری راڤەی ئابووریی مێژوو لە حەوت خاڵدا کورت کرێتەوە:

١. یەکەمین ئەندێشەی بنەمایی مـارکس ئەوەیـە کـە مرۆڤەکان دێنـە نـاو پەیوەندیگـەلێکی دیـاریکراوەوە کـە سەربەسـتە لـە ئیـرادەی ئـەوان. لـەم رووەوە بـەبۆچوونی مـارکس دەتـوانرێ لەڕێگـەی شـیکردنەوەی وزەکـانی بەرهـەمهێنان، شـوێنپێی گـۆڕانکارییـە مێژووییەکانی مرۆڤ هەڵبگیرێت.

٢. له هەر کۆمەڵگەیەکدا دەتوانرێ ژێرخانێک و سەرخانێک لێکجیا بکرێنەوە. ژێرخان بریتییە لە هێزە بەرهەمهێنەرەکان و کاروبارەکانی سەبارەت بە بەرهەمهێنان. سەرخان بریتییەله دامەزراوە سیاسی و کلتووری و مافەکییەکانە.
٣. سازگاری گۆڕانی مێژوویی بریتی لە دژوازیی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی ناو بەرهەمهێنانە.
٤. مارکس لەم دژوازییانەدا ئاماژە ئاماژە بە خەباتی چینایەتیش دەکات. خەباتی چینایەتی لە نێوان ئەو بیچمانەدا کە مرۆڤ لە ململانێی نێوان هێزەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنیدا دەیناسێت، دەورێکی سەرەکیی هەیە. خەباتی چینایەتی تەوەری سەرەکیی ناو "مانیفێستی کۆمۆنیست"ی مارکسە. بەپێی بۆچوونی ئەو، سەرتاسەری مێژوومێژووی خەباتی چینایەتییە. هەموو کۆمەڵگەکان دابەش دەبنە سەر چینگەلێک کە لە بەربەرەکانێی یەکتریدان. لەم رووەوە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی مۆدێرن جیا نییە لە کۆمەڵگەکانی پێش خۆی و لەم خاڵەدا جیاوازییەکی لەگەڵ ئەواندا نییە. بەڵام چینی دەسەڵاتدار و چەوسێنەر لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا واتە بۆرژوازی، هەندێ تایبەتمەندیی هەیە کە لە رابردوودا نەیبووە. بۆرژوازی بەبێ گۆڕینی بنەڕەتیی بەردەوام و هەمیشەیی لە کەرەستەکانی بەرهەمهێناندا ناتوانێ دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت و پیادەی بکات. سیستەمی سەرمایەداری دەتوانێ بەردەوم و زێدە لە جاران بەرهەم بهێنێت، بەڵام سەرەڕای ئەو زێدەبوونە روو لە زیاتربوونە لە داراییدا هەژاری بۆ بەشی گەورە و زۆرینەی جەماوەر دەمێنێتەوە. ئەم پارادۆکسە لە کۆتاییدا بە قەیرانێکی شۆڕشییانە و پرۆلیتاری کۆتایی دێت کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک دەگرێتەوە، شێوەی چین بە خۆوە دەگرێ وەک گشتێکی کۆمەڵایەتی هەلی بەدەستهێنانی دەسەڵات و گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەدی دەهێنێت. شۆڕشی پرۆلیتاریا بە پشتیوانی و بەشداری زۆرینە و بۆ بەرژەوەندی هەموان کامڵ دەبێت. لەم رووەوە شۆڕشی پرۆلیتاری نیشانەی لەناوچوونی چینەکان و دیارنەمانی پەیوەندییە دوژمنکارانەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری. مارکس لە زاتی پرۆلیتاریادا تایبەتمەندیی ئەوپەڕی مسۆگەری بەجیهانیبوون دەبینێت و بایەخێکی تایبەت و هەڵگری پەیامێکی مێژوویی بۆ پرۆلیتاریا رەچاو دەکات. بەپێی بۆچوونی مارکس، خباتی چینایەتی بەرە ساردبونەوە دەچێت. لەم رووەوە گرووپە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو جەمسەری بوون هەنگاو دەنێن. هەندێکیان لە دەوری بۆرژوازی و هەندێکیان لە دەوری پرۆلیتاریا کۆدەبنەوە و گۆڕانی هێزەکانی بەرهەمهێنان. سازوکاری بزاڤ و گۆڕانی مێژووی پێکدێنێت.
٥. بەبۆچوونی مارکس دیالکتیکی هێزەکانی بەرهەمهێنان نیشاندەری تیۆریی شۆڕشە. لەم روانگە مێژوویەدا شۆڕشەکان تەنیا رووداوگەلێکی سیاسی نین بەڵکوو بەیانگەری زەروورەتێکی مێژوویین.
٦. مارکس لە راڤە مێژووییەکەی خۆیدا ئاگایی بە راستییەکی کمەڵایەتی نازانێت. ئەمە ئاگایی مرۆڤەکان نییە کە راستییەکان روون دەکەنەوە ، بەڵکوو ئەمە راستیی کۆمەڵایەتییە کە ئاگاییەکان دیاری دەکات.
٧. مارکس لە سەر بنەمای سیستەمە ئابوورییەکان ئاماژە بە هەندێ قۆناغی جیاواز لە مێژووی مرۆڤایەتی دەکات. ئەو کۆمەڵێک شێوازی جیاوازی بەرهەمهێنان لێکجیا دەکاتەوە وەک: شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی، شێوازی بەرهەمهێنانی کۆن، فیۆدالیزم و بۆرژوازی. شێوازی بەرهەمهێنانی کۆن و فیۆدالی و بۆرژوازی لە مێژووی رۆژاوادا ئەنجام دراون. تایبەتمەندیی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆن کۆیلەداری و تایبەتمەندیی شێوازی بەرهەمهێنانی فیۆدالی سیستەمی ئەرباب و

ڕەعیەتی و تایبەتمەندییشێوازی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی سیستەمی کار و دەستحەقە. هەر شێوازێکی بەرهەمهێنان پێکهاتەی چینایەتیی دیار و تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ وێنە فیۆدالیزم پێکهاتەیەکی پیکهاتوو لە پاشا ، کڵێسا و جوتیارە؛ سەرمایەداری لە خاوەن زەوییە گەورەکان، بۆرژوا و وردە بۆرژوا، پرۆلیتار و لۆمپەنی پرۆلیتاریا پێکدێت. ڕوانگەی گشتیی مارکس ئەوەیە کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری قۆناغێکی زەرووریە لە جادەی گۆڕانی بەرەو سۆسیالیزمدا. مارکس لەنێوان ڕوانگەی خۆی و ڕوانگەی هاوچەرخەکانیدا سەبارەت بە سۆسیالیزم گەلێک جیاوازی دادەنێت. سۆسیالیزمی مارکس بەپێچەوانەی سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی لەسەر بنەمای ڕاستییە کردەکییە مێژووییەکان و بەربەرەکانێی چینی کرێکار وەستاوە. بەپێچەوانەی تیۆرییەکەی پرۆدۆن، لە ڕوانگەی مارکسدا شۆڕش تەنیا ڕێکخستنی کرێکاران لە بەرانبەر دەوڵەتدا نییە و بەپێچەوانەی لوویی بلان کە ئەگەری ڕوودانی شۆڕش دەبەستێتەوە بە هەبوونی دەستەیەکی بچووک لە شۆڕشگێڕان، مارکس ئەو ئەگەرە تەنیا لەڕێگەی ڕێکخستنی چینی کرێکارەوە دەبینێت. لەم ڕووەوە هەنگاوی یەکەم لای مارکس بۆ مسۆگەربوونی شۆڕش، دەسەڵات بەخشین بە پرۆلیتاریا لەبەرگی چینی دەسەڵاتدارادایە. دەوڵەت لە ئامارزی دەستی چینی سەرمایەدار ڕزگاری دەبێت و دەبێتە ڕێکخراوێکی چینی کریکار.

ئەم ڕوانگەیە مارکس بەرەوە باسکردن سەبارەت بە کۆمۆنیزم ڕادەکێشێ . مارکس دەڵێ: "کۆمۆنیزم کلیلی مەتەڵی مێژووە و خۆی دەزانێ کە کلیلی واڵاکەری ئەوە. " بەبۆچوونی مارکس [کۆمۆنیزم]ڕێگەچارەی ململانێی نێوان سروشت و مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤە. مارکس کۆمۆنیزم لە بەرانبەر چەمکی بەرپرسیارێتیی گشتیدا دادەنێت، هەروەها بەڕای ئەو کۆمۆنیزم هۆکاری نەتەوەیی کردنی زەوییەکان و ناوەندیکردنەوەی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانە. ئەو پرۆسەیە دەبێتە هۆی هاوکاریی مرۆڤە ئازادەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان سادە و شەفاف دەبێتەوە. خەڵک لە تەنگ و چەڵەمەکانی پاژگەرای و تاکێتی ڕزگار دەبن و پێویستییەکیش بە پارە نابێت، بەڵام مارکس وردەکارییەکانی شی ناکاتەوە و دیاری نەکردووە کە کێ بەرپرسیار دەبێت و چ کێشەگەلێک لە پەیکەری دەسەڵاتدا دەردەکەون و ... . ئەوەی مارکس بەشێوەی گشتی دەڵێ لەڕاستیدا ئەوەیە کە لەنێوان کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کۆمۆنیستیدا قۆناغێک لە گواستنەوەی شۆڕشگێڕانە لە سەرمایەدارییەوە بەرەو کمۆنیزم لە ئارادا دەبێت. هاوڕێ لەگەڵ ئەم قۆناغەدا قۆناغێکی گواستنەوەی سیاسی هەیە کە لەوێدا دەوڵەت ڕۆڵی دیکتاتۆری شۆڕشی پرۆلیتاریا بەجێ دێنێ. کارکس لە تیۆریی یازدەهەمی خۆیدا سەبارەت بە فوێرباخ ڕادەگەیەنێت: "فەیلەسووفەکان تەنیا جیهانیان لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە ڕاڤە کردووە ، بەڵام ئێستا سەردەمی گۆڕینی جیهانە". مارکس نکۆڵی لە فەلسەفە ناکات، بەڵکوو هەوڵی پێشکەشکردنی فەلسەفەیەکی پراکتیکی دەدات کە کاریگەر بێت بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە جیهاندا و سوودبەخش بێت. گۆڕانە فکری و کۆمەڵایەتییەکان هاوڕێی یەکترن. مارکس دەڵێ: فەلسەف ناتوانێ بەبێ سەرنجدان بە پرۆلیتاریا خۆی مسۆگەر بکات. پرۆلیتاریاش ناتوانێ مسۆگەر بێت مەگەر ئەوەی لە فەلسەفە تێبگات و مسۆگەری بکات." لەم ڕووەوە یازدەهەمین تیۆریی مارکس سەبارەت بە فوێرباخ تەنیا تێڕوانینێک نییە بۆ گۆڕان لە بابەتی تیۆریی ڕووتەوە بۆ "جیهانی ڕاستەقین". مارکس فەیلەسووفە و زۆر باش دەزانێ کە بەبێ چەمکە پەتییەکان، لەڕاستیدا جیهانی ڕاستەقینە بوونی نابێت، بەڵام ئەو گومان لە فەلسەفە دەکات. چونکە بەپێچەوانەی ئایدیالیست ئەڵمانییەکان بەم جۆرە بیر ناکاتەوە کە ئاگایی بنەمی واقعییەتە. بەبۆچوونی مارکس ئەندێشە و ئاگایی لە پلەی یەکەمدا ئاوێتەی چالاکیی مادین. "ئاگایی هیچ شتێک نییە جگە لە ژیانی ئاگایانە." بەبۆچوونی مارکس، ئێمە کاتێک مرۆڤین کە بە ئازادانە و ئاگایانە بەرهەم بهێنین. ئەو ئازادی بە چەشنێک زیادبوونی داهێنەرانە لە

شتگەلێکدا دەزانێ کە لە رووی مادییەوە سەکی و زەروورین. مارکس لە نووسینەکانی خۆیدا ئاماژە دەکات: "ئەگەر کێشە تیرییە گرینگەکان رەگیان لە پارادۆکسە کۆمەڵایەتییەکاندایە، کەواتە چارەسەرەکەیان تەنیا لەڕێگەی سیاسییەوە دەگونجێ نەک فەلسەفی. مارکس وەک بیرمەندێکی مێژووگەرا هەوڵ دەدات باوەڕە مرۆییەکان لەدەستی هەرمانێتیی پووکەڵی مێتافیزیک رزگار بکات. بەڕای ئەو ئەوەی بەشێوەی مێژوویی ئافرێنراوە دەتوانێ بەشێوەی مێژووییش بگۆڕێت و گۆڕانی بەسەردا بێت. ئەو بەنۆبەی خۆی جۆرێک زاتگەرای ئەرەستوییشە، چونکە باوەڕی وایە کە گەوهەری مرۆیی بوونی هەیە و کۆمەڵگەی دروست دەبێ بە شێوەیەک بێت کە ئەم گەوهەرە تیایدا سەرهەڵبدات و دیارکەوێت. بەبۆچوونی مارکس ئێمە کاتێک مرۆڤی کە بتوانین لە تایبەتمەندیی جۆرەکیی خۆمان لەگەڵ دیتراندا هاوبەشی بکەین. تاکی مرۆیی و ژیانی جۆری دوو شتی جیاواز و لێک جیا نین. ئێستا لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا کارکردە کەمینەییەکانی خۆی کە بریتین لە خودمسۆگەری وجوودی جۆرەکیی ئەوە، بگۆڕێت بۆ تەنیا ئامرازێک بۆ مانەوەی مادی. مارکس کۆمەڵگە یەک کە بە کردەوە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان ببن بە کۆمەڵێک تاکی بێڕیشە و هەڵگری مامەڵە پێکردن، رەت دەکاتەوە. بەگوتەیەکی تر مارکس دەیەوێ پشتگیری لە گۆڕینی مرۆڤەکان بکات بۆ بەهای سەودا و مامەڵە، چونکە لە سەرمایەداریدا هەمووشت دادەبەزێتە سەر ئاستی کاڵا و ئەگەریش شتێک هەیە تەنیا لەبەر بەهای مامەڵەییەکەیەتی.

لە بارودۆخی بازاڕدا تاکەکان وەک هەندێ یەکەی پەتی و ئەنستراکت لەگەڵ یەکدی مامەڵە دەکەن و مرۆڤەکان دەبن بە کاڵا. ئامانجی سۆسیالیزم چاککردنەوەی ئەم کەلەبەرەی نێوان بیچمی سیاسی و ناوەرۆکی کۆمەڵایەتییە. مارکس خوازیاری لەناوچوونی مامەڵەی کاڵایی لەبەستێنی ئابووریدایە. لەم رووەوە ئەو لە بیری "سڕینەوەی بەکاڵابوون"دایە لە کەسایەتی مرۆییدا.

مرۆڤناسیی سیاسیی مارکسی ریشەی لە واتایەکی زۆر بەرفراوانی چەمکی کاردایە و دەشێ بگوترێ کە لە پەیوەندی لەگەڵ جسمی مرۆڤدا بەواتای سەرچاوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە. ژیانی کۆمەڵیەتی کە ئاڵۆزتر دەبێت کاریش بەناچار پسپۆڕانەتر دەبێتەوە. مارکس ئەم دیاردەیە بە دابەشکردنی کار ناودێر دەکات. دابەشکردنی کار لەڕاستیدا نموونەیەکی ترە لە جودایی لە چینی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاک و گشتدا.

لەڕوانگەی مارکسدا، لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا شتە بەرهەمهێنراوەکان لەلایەن ئەو کەمینەیەوە کە کەرەستەی بەرهەمهێنانی بەدەستەوەیە یان چاودێری بەسەردا دەکەن، دیاری دەکرێن. مارکس دەڵێ هەر بەم هۆیە کرێکار لەکاتێکدا کار ناکات خۆی لە ماڵێدا دبینێتەوە و کاتی کار کردن هەستێکی لەو جۆرەی نییە. لەخۆنامۆیی کرێکار نەک تەنیا بەو مانایەیە کە کارەکەی بۆتە ئۆبژە ، بەڵکوو لێی جودا و نامۆش دەبێت. لەم رووەوە سەرمایەداریی دنیایەکە کە تیایدا سۆبژە و ئۆبژە ئاوەژوو بوونەتەوە، شوێنێکە کە تاکەکەس بۆتە بەندەی بەرهەمەکەی و چارەنووسەکەی وابەستەیە بە بەرهەمە دەستکردەکەی ئەو. ئەم پرۆسەیە کە لەوێدا جگەی زیندوو و مردووەکان گۆڕدراوە بەتایبەت لە شێوەی کاڵای جیهانیدا واتە پارە، روخسارێکی ئاشکرا و هەستەوەر بەخۆوە دەگرێت. " هەرچەندە پارەکەم بەهێزتر بێت من بەهێزتر و دەوڵەمەندترم." مارکس دەڵی: "پارە سۆزانییەکی جیهانییە" کە هەموو مرۆڤەکان و هەموو تایبەتمەندییە سروشتییەکان ئاوقای یەک دەبن. بەبۆچوونی مارکس دەسەڵاتی پارە دەکەوێتە دەست چینی سەرمایدار چونکە ئەوانن کە کەرەستەی برهەمهێنانیان لە دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆیان گرتووە. لەم رووەوە ئەگەر کەرەستەکانی بەرهەمهێنان بکەونە خاوەندارێتیی هاوبەشەوە و کەوێتە کۆنترۆڵی هەموانەوە سەرەنجام چینەکان خۆیان لەناو دەچن. ئەگەر پرۆلیتاریا دوایین چینی مێژووییە لەو رووەوەیە کە لەپاش شۆڕشی دژە سەرمایەداری ئیتر چینێک لە ئارادا نامێنێت. لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا ئێمە لە کۆتی چینی کۆمەڵایەتی رزگار

دەبین. دەرفەتمان دەبێت کەسایەتییەکانمان پەروەردە بکەین، بەڵام بەهەرحاڵ شۆڕشی سۆسیالیستی نوێنەرێکی دەوێ و ئەم نوێنەرەش پرۆلیتاریایە.